هەر ئافرەتێک لە ئێوە سێ منداڵی بمرێت؛ دەبن بە داپۆشەری لە ئاگری دۆزەخ

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئافرەتێک هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، زۆرترین بەشی هاوەڵێتی تۆ لەگەڵ پیاواندایە، بۆیە خۆت ڕۆژێکمان بۆ دیاری بکە بۆئەوەی بێین بۆ لات وئەوەمان فێر بکەیت کە خوای گەورە فێری کردووین، فەرمووی: «لە ڕۆژی ئەوەندە وئەوەندە کۆ ببنەوە»، ئەوانیش کۆبوونەوە، وهات بۆ لایان وئەوەی خوای گەورە فێری کردبوو؛ فێریانی کرد، وپاشان فەرمووی: «هەر ئافرەتێک لە ئێوە سێ منداڵی بمرێت؛ دەبن بە داپۆشەری لە ئاگری دۆزەخ»، ئافرەتێک ووتی: ودوو (منداڵیش)؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ودوو (منداڵیش)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئافرەتێک ووتی بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- : پیاوان هەموو کاتەکانی تۆیان بردووە وبە درێژایی ڕۆژ لەگەڵ ئەواندایت، وهیچ کاتێکیان بۆ ئێمە جێنەهێشتووە بۆئەوەی پرسیار سەبارەت بە ئاینەکەمان بکەین وفێرمان بکەیت، ڕۆژێک بۆ ئافرەتان دیاری بکە بۆئەوەی فێری ئاینەکەمان بین، بۆیە پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- ڕۆژێکی دیاریکرد بۆیان بۆئەوەی تێیدا کۆببنەوە، بۆیە ئافرەتانیش لەو ڕۆژەدا کۆبوونەوە کە ئەو بۆیانی دیاریکرد، ئەویش هات بۆ لایان وئەوەی خودا فێری کردبوو؛ فێریانی کرد لەو زانستانەی پێویستانە لە ئاینەکەیان، وپاشان موژدەی پێیاندا کە هەر ئافرەتێک سێ منداڵی بمرێت ئەگەر کوڕ یان کچ بن وپێش ئەو ئەم ژیانە جێبهێڵن، وئەمیش ئارامگر بێت لەسەر ئەم ناڕەحەتیانە؛ ئەوا منداڵەکانی دەبنە داپۆشەر وپارێزەرێک بۆی لە ئاگری دۆزەخ کە لەوەیە بەهۆی تاوانەکانی شایستەی چوونە نێو دۆزەخ بێت، ئافرەتێک ووتی: ئەی ئەگەر دوو منداڵی بمرێت، ئایا هەمان پاداشتی ئەو ئافرەتەی هەیە کە سێ منداڵی دەمرێت؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: بەهەمان شێوە ئەگەر دوو منداڵیشی بمرێت پاداشتی هەروەکو سێ منداڵەکەیە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8871